# "سوڵحی سارد"ی ڕکابەرەکان و بارودۆخی عێراق!

29-03-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو,زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** سەدر بتوانێ حکومەتی زۆرینە پێکەوە بنێ یان نا، هاوپەیمانییە ڕکابەرەکان ڕێککەون یان نا، هەڵبژاردن بکرێتەوە یان نا، ئەگەری پێکدادانی ناوخۆیی شیعە کەمترە لە جاران. ئەگەریش شتێکی وەها ڕوبدات، بە ئەگەری زۆر، ماوە و مەودایەکی زۆر کەمتری دەبێت لەوەی کە وێنا دەکرێت.

**بەرایی**

سەدر بتوانێ حکومەتی زۆرینە پێکەوە بنێ یان نا، هاوپەیمانییە رکابەرەکان رێککەون یان نا، هەڵبژاردن بکرێتەوە یان نا، ئەگەری پێکدادانی ناوخۆیی شیعە کەمترە لە جاران. ئەگەریش شتێکی وەها رووبدات، بە ئەگەری زۆر، ماوە و مەودایەکی زۆر کەمتری دەبێت لەوەی کە وێنا دەکرێت.

بەرلە هەموو شتێك پێکهێنانی حکومەت لە عێراقی دوای 2003وە هەروا بە بای شان بووە. بێجگە لەوەش، هاوسەنگییەکانی هێزداری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دیمەنی" سوڵحێکی سارد" لە نێوان رکابەرەکان وێنا دەکات کە وادەکات هیچیان لانیکەم لەم کاتانەدا، مەیلیان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆیی لە عێراق نەبێت. بە ئەگەری زۆر، شەڕی ناوخۆیی شیعی ئەگەر رووبدات تەنیا بە باشووری عێراقەوە سنوودار نابێت و کەسیش ناتوانێ بە تەواوی دەسی ئەوی دیکەیان بشکێنێتەوە. هەروەها شەڕی ناوخۆیی بە قازانجی ئامانج و پێگەی کەسیی ئەکتەرە گرنگەکانی شیعەی عێراقیش نییە، هەر لە ئایەتوڵڵا سیستانییەوە بگرە هەتا سەدر و مالکی و ئەوانی دیکە.

**گەمەی پێکهێنانی حکومەت لە خولەکی زیادە!**

درێژەکیشان و تەواونەبوونی رکابەرییەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت لە وادەیەکی نزیکی دوای هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا باوە. ئەوەی ئێستاش خەریکە بۆ نزیکەی5 مانگ و نیو دەڕوات و هێشتا حکومەت پێکنەهاتووە، ئەمەش شتێکی سەیر نییە.

یەکەم حکومەتی مالکی، 5 مانگ و 5 رۆژ دوای هەڵبژاردن، دووەم حکومەتیشی، 9 مانگ و 15 رۆژ دوای هەڵبژاردن پێکهات. حکومەتەکەی عەبادی 4مانگ و 19 رۆژ دوای هەڵبژاردن و ئەوەی عادل عەبدولمەهدیش 5 مانگ و 12 رۆژ لە پاش هەڵبژاردن دروستبو. حکومەتی مستەفا کازمیش دوای دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەههدی لە 29ی نوڤەمبەری 2019، 5مانگ و 8 رۆژی برد هەتا پێکهات. بەهۆی زۆری و جیاوازی بەرژەوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، گەمەی پێکهێنانی حکومەت هەروا بە ماراسۆنیکی تاقەتپڕوکین بووە و ئێستاش، گۆڕانێکی ریشەیی لە بەریەککەوتن و سازانی ئەو بەرژەوەندییانەدا روینەداوە تا وەك رووداوێکی نامۆ سەیری بکەین. بۆیە لایەنەکان تاوەکو دواساتەکان هەوڵی وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە یەك دەدەن بەڵام ئەگەر دۆخی ناوخۆیی عێراق و دۆخی گشتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروا بڕوات، لەوانەیە ئاراستەکە نەك بەرەو شەڕی ناوخۆیی، بەڵکو بەرەو سازان بێت لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق.

**گۆڕان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رکابەرییەکانی ناوخۆی عێراق**

رکابەرییەکانی ناوخۆی عێراق تەنیا دینامیکێکی ناوخۆییان نییە و رەنگدانەوەیەکی ئەو رکابەری و جەمسەربەندییەن کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەریکە شکڵ دەگرن. ئەگەری کەمکردنەوەی بایەخی ئەمریکا بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەری رێککەوتنەوەی ئەتۆمی لەگەڵ تاران و شەڕی ئۆکراینا سێ رووداوی گرنگن کە خەریکە ئاراستەی سەرەکیی رکابەرییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو"سوڵحێکی سارد" دەبەن. کاتی خۆی، باراك ئۆباما دوای رێککەوتنی5+1لەبارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران گوتبووی، پێویستە ئێران و سعودیە رێگایەك بۆ بەشکردنی ناوچەی نفوزی خۆیان لە دەوروبەرو دراوسێکانیان بدۆزنەوەو،"جۆرە سوڵحێکی سارد" بنیات بنێن.[1]حەوت ساڵ رۆیی وجارێکی دیکە، لەوانەیە ئەمریکا و ئێران لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران رێکبکەونەوە. ئەمەش واتای ئاوەڵڵابوونی دەستی ئێران بۆ فرۆشتنی نەوت، وەرگرتنەوەی پارە بلۆککراوەکانی و بەهێزبوونی لە ناوچەکە دێت. رکابەرە ناوچەییەکانی تارانیش دەیانەوێ لەڕێی هاوپەیمانیی نوێوە فریای خۆیان بکەون و تەنیا پشت بە ئەمریکا نەبەستن. هەرچەندە هێشتا ئێران و سعودی سوڵحە ساردەکەیان نەکردووە بەڵام، ئەو ئاراستەیە خەریکە نەك تەنیا لە ریاز و تاران کە چەند گەڕێکی دانوستاندنیان کردووە، بەڵکو لە نێوان ئیسرائیل و تورکیا، ئیمارات، سعودیە و تورکیا، سوریا و دنیای عەرەبی، ئیسرائیل و دنیای عەرەبی، وڵاتانی کەنداویش لە بەینی خۆیاندا دەبیندرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە رکابەریی هەردەمینێ بەڵام "سوڵحی سارد" خەریکە دەبێتە دەرچەیەك بۆ هاوسەنگگردنی رکابەرییە هێزدارییەکان لە ناوچەکە. ئەو سوڵحە ساردە لە عێراقیش کە گۆڕەپانیکی رکابەرییەکانی ناوچەکەیە رەنگدەداتەوە.

شەڕی ئۆکراینا بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی دیکە بایەخی هاوپەیمانییەکان لە پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان زەق بێتەوە. ڕۆیشتنی بایدن بۆ ئەوروپا بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی سەبارەت بە شەڕی ئۆکراینا و هاتنی بلینکن بۆ کۆبوونەوەکەی ئیسرائیل[2] بۆ دڵنیاکردنەوەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ تاران لە نمونەکانی ئەوەن. شەڕی ئۆکراینا هەڵەبوونی ئەو دیدگایەشی دەرخست کە پێویستە ئەمریکا بۆ ململانێی چین و روسیا، بایەخی کەمتر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدات!

خەریکە بەخێرایی وزە وەك فاکتەرێکی کاریگەر بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە. ئەمە پێگەی خەلیج وعێراقیش وەك بەرهەمهێنەری گرنگی وزە بۆ دنیا زیاتر دەکات. بەواتایەکی دیکە ڕۆڵی خەلیج لە سیاسەتی عێراقی زیاتر بێت. لانیکەم تاوەکو ئێستا یەکانگیری زیاتری عەرەبی سوننە یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی ئەوەیە. بێجگە لەو پاڵپشتییە ناڕاستەوخۆیەی کە خەلیج لە هاوپەیمانیی سێقۆڵی سەدر- بارزانی و حەلبوسی دەیکات. بایەخی وزە بە تایبەتی نەوت، وادەکات دۆخی عێراقیش وەك وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوت زیاتر بێت. بۆیە ئاڵۆزکردنی عێراق و بردنی بەرەو لێواری شەڕی ناوخۆ لە قازانجی زۆرلایەندا نەبێت.

لەدوای شەڕی ئۆکراینا‌وە پێگەی جیۆپۆلیتکی تورکیا بایەخێکی زیاتری پەیدا کردووە کە هەم وەك مەیدانێکی نفوز و هەمیش وەك بازاڕێکی گەورە تەماشای عێراق دەکات. ئەمەش بە زیادبوونی ڕۆڵی تورکیا لە عێراق و سوریا وەردەگێردرێ. سەرککۆماری تورکیا پەیوەندییەکی پتەوتر لە جارانی لەگەڵ کورد و سوننەی عێراق دروستکردۆتەوە کە ئێستا یەکانگیرترن وحکومەتی بەغداش مەیلی بۆ پەیوەندی زیاتر لەگەڵ تورکیا هەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە  ئەگەر لەدوای مالکییەوە  نفوزی تورکیا لە عێراق بەرەبەرە کەمی کردبێت، لە قۆناخی ئیستا ئەوە بەرەو زیادبوون دەڕوات.

ئاراستەی سەرەکی سیاسەتی رکابەرە سەرەکییەکان لە ناوچەکە نەك شەڕی راستەوخۆ بەڵکو هاوسەنگکردنی هێزی یەکترە. بۆیە نە خەلیج، نە ئیران و نە تورکیاش نایانەوێ لەم کاتەدا عێراقێك ببینن کە شەڕی ناوخۆیی تێدایە. چونکە ئەمە واتای لە کیسدانی بازاڕیکی 40 ملیۆنی، واتای لەکیسدانی دەرفەتی وەبەرهێنانە زەبەلاحەکانی وەك پرۆژەکانی وزە، گواستنەوە و ڕێگا و ئاوەدانکردنەوە دەدات. بێجگە لەوەش، لەوانەیە شەڕی ناوخۆیی عێراق واتای تەشەنەکردنی نائارامی و شەڕ بۆ تورکیا، خەلیج و تەنانەت ئێرانیش بدات. بۆ ئەوروپا، بێجگە لە تێکچونی سەقامگیری، لەوانەیە شەڕێکی ناوخۆیی لە عێراق واتای ئەگەری بەربوونی هەزاران دیلی داعش لە زیندانەکانی عێراق بدات کە دوایین شتێکە لەم کاتانەدا ئەوروپا بیەوێ ببینێت. بۆ ئەمریکاش دەرکەوتنی شەڕی ناوخۆیی لە عێراق واتای کەڵەبونی ئاڵۆزییەکی تازەیە کە لەم کاتانەدا نایەوێ پێوەی سەرقاڵ بێت.

**پاڵنەرە ناوخۆییەکانی سازان**

ئێستا ئیدی بۆ هاوپەیمانییە رکابەرەکان لە عێراق روونە کە بێ یەك ناتوانن حکومەت پێکەوە بنێن. ئەگەریش نەتوانن بە تەواوی ڕێکبکەون، بە ئەگەری زۆر تا دوا ساتەکان دەستی یەك بادەدەن بەڵام لەوانەیە نەیگەیەننە مریشکەڕەشە، چونکە:

1.هەردوولا هێزی چەکداریان هەیە و بە ئەگەری زۆر کەسیان توانای یەکلاکردنەوەی شەڕەکەی نابێت. ئەمە لەبەر ژمارەی شەڕکەرەکان و ئەو توانستانەی کە لەبەردەست لایەنەکاندایە. بۆیە وادیارە هیچ لایەکیان مەیلی شەڕیان نییە. بۆ نموونە هێرش دەکرێتە سەر بارەگای حەلبوسی و هەولێر و ئەوانەی هاوپەیمانی سەدرن بەڵام، تاوەکو ئێستا نەبینراوە هێرشێکی واتادار بکرێتە سەر سەدرییەکان!

2.زۆربەی لایەنەکان خاوەنی بەرژەوەندی ئابوری گەورەترن لەوەی کە بیانەوێ بە شەڕ تێکی بدەن. عێراقیش بۆ خۆی لەدوای شەڕی ئۆکراینا‌وە، لەبەر فرۆشتنی نەوت بە نرخێکی گرانتر، بە ملیاران دۆلار زیادەی داهاتی هەبووە[3]. کورد واتەنی کاسەی پڕیش ئاشتی ماڵە!

3. هەرچەندە بە بەراورد بە ئەگەری شەڕ، ئەگەری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بەهێزترە بەڵام، دوبارەکردنەوەی هەڵبژاردنیش لە قازانجی لایەنە گەورەکانی عێراق نییە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان ئەگەری بەشدارینەکردنەوەی خەڵك و دووەمیش ئەوەیە کە ئەگەر ئەمجارە هەڵبژاردن بکرێت، لەوانەیە ڕیژەی دەنگدان بە گرووپە سیاسییە تازەکان زیاتر دەبێت لەوانەی جاران. ئەمە لە تاقیکردنەوە لاوازەکەی تشرینییەکان دەرکەوت کە سەرەڕای بەشدارییەکی کەم، ئەنجامێکی سەرنجڕاکێشیان دەستکەوت.

ڕەنگە هەڵبژاردن لە قازانجی نوری مالکی وەك سەرقافڵەی چوارچێوەی هاوئاهەنگی نەبێت. چونکە هەڵبژاردنی داهاتوو واتای پێداچوونەوەی گرووپەکانی دیکەی چوارچێوەی هاوئاهانگی بە ستراتیژە هەڵبژاردنییەکەیان دەدات کە جاری پێشوو ڕێگای بۆ بەخەساردانی بەشێکی دەنگەکانیان کردبووەوە. ئەوەش واتای قیتبونەوەی رکابەرێکی دیکەی بێجگە لە سەدرە بۆ مالکی لە نێو شیعەکان. لەوانەیە بۆ سەدریش دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن بژارەیەکی گونجاو نەبێت و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەو پێگە کلیلییەی ئێستای دەستنەکەوێت. ئەوە بۆ حیزبە سەرەکییەکانی سوننە و کوردیش بەوجۆرەیە.

4.شەڕێکی ناوخۆیی شیعی خواستی ئایەتوڵڵا سیستانی، حزبوڵڵای لوبنان و تەنانەت ئێرانیش نییە. هەرچەند کە یەکانگیرییەکی تەواوی شیعەکان و بەهێزبوونیان بەڕادەیەك کە گوێ لە تاران نەگرن، بە قازانجی ئیران نییە. شەڕی ناوخۆیی شیعی دەتوانێت ڕێ بۆ زیادبوونی جموجۆڵی داعش و گرووپەکانی دیکەش خۆشبکات.

**کۆتایی**

حکومەت لە عێراق هەرچۆنێك پێکبێت، جا زۆرینەی نیشتمانی بێت وەك ئەوەی سەدر بانگەشەی بۆ دەکات یان بە هەر لەونێکی دیکە، ئەگەری شەڕ لانیکەم ئەگەری شەڕێکی بەرفراوان لەم کاتانەدا کەمە. ڕکابەریی هاوپەیمانییەکان لەعێراق سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت، هاوشانی ئاراستەیەکی نوێی ڕکابەری وهاوپەیمانییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دنیا پێی ناوەتەوە شەڕێکی ساردی نوێ و ڕکابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بەرەو "سوڵحێکی سارد" دەچن. بە ئەگەری زۆر ڕکابەرە نیوخۆییەکانی عێراقیش دواجار هەر سوڵحێکی سارد ئەکەن. عێراقێکی ناسەقامگیر کە لە شەڕیکی ناوخۆییەوە گلابێت، بە قازانجی هێزە گەورەکانی جیهان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نییە. شەڕ بژارەی یەکەمی گرووپە گەورەکانی عێراقیش نییە. بۆیە تەگەرەی سەرەکی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لانیکەم لە قۆناخی نزیکدا، نەك شەڕ و ململانێی ناوخۆیی هاوپەیمانی و لایەنە ڕکابەرەکان لەسەر بەشکردنی حکومەت، بەڵکوو گوێنەگرتنە لە پرسە بنەڕەتییەکانی جەماوەر کە بە گوتەی پلاسخارت[4] "پێویستە بە خێرایی تیشکی بخرێتەوە سەر."


سەرچاوەکان

[1] -https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-obama-idUSKCN0WC23A

[2] -
https://www.france24.com/en/middle-east/20220327-blinken-to-discuss-iran-nuclear-talks-ukraine-war-at-israeli-arab-summit

[3] -http://rudawrc.net/?p=1882

[4] _ https://iraq.un.org/en/173235-briefing-security-council-srsg-jeanine-hennis-plasschaert-thursday-24-february-2022